# چەتروباران

**نیهاد جامی**

**هەر کاتێك بیرمان لەباران کردەوە, ئەوا خەیال بردنەوە بەکڕینی چەترێك بەخۆیەوە خەریکمان دەکات, ئەو کاتەی باران شوێنێکمان بەووشکی ناهێلێتەوە و زوو خۆمان دەگەیەنینە پاسێك و دەبینین ئەوانەی دانیشتوون و چەترێکیان بەدەستەوەیە, جلەکانیان وەك هی ئێمە تەڕ نین, هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەوان خاوەن چەترێکن وئێمە بێ چەترین, ئەو کاتەی پاسەکە دەگاتە گەراج, یەکەم سەیرکردنمان بۆ ناو شار نیگامان دەچێتە سەر چەترفرۆشەکان, کام چەتر لەوانی تر باشترە؟ ئایا ئەگەر چەترەکەم ڕەنگی ڕەش نەبوو ویقاری پیاوەتی لە دەست دەدەم؟ یان کچێك بەدوای چەترێکی گوڵ گوڵی تەختایی سوور یان شین دەگەڕێت کە لەگەڵ ڕەنگی گوارەو قەمسەڵەکەی بێت, دەکرێت ئەو پرسیاروگومانە سادانەی باران بمانکات بەخاوەن چەترێك, بەڵام ئەگەر سەرکێشیمان کردو ئامادەنەبووین چەترێك بکڕین, ئەوساتەی بیرکردنەوە لە جۆری چەتر لەلامان دەگۆڕێت بە پرسیاری: چۆن سەیری ئەوانەی ژێر چەتر بکەین؟ ئەوە چەندەپرسیارێکە تاحەدیی سەر ئێسقان سادەوبێمانایە, سەد هێندەش بۆمنێك پێویستە وبەهیچ چەشنێك زیادە ڕۆییم تیادا نەکردووە, تۆ ئەگەر لەهەموو ژیانتدا بڕوات بە چەتر هەڵگرتن نەبووبێت, ئەوسا خێرا شەرعیەت بەو پرسیارە دەدەیت, چونکە چەتر بۆخۆی هەڵگری دەلالەتی مەرگە, بەتایبەت کاتێ دەبینین لەهەندێ شارو شارۆچکە لەبری ناوی (چەتر) وشەی( سەیوان) بەکار دێنن,  ئەگەر سەیوان هەمان مانای وشەی چەتر بدات بەدەستەوەو"گردی سەیوان" یش ئاماژە بێت بۆ گۆڕستان, ئەوە لەدواجاردا چەتر دەبێ بەخاوەنی دەلالەتی مەرگ. ئەو ساتەش دەبێ بڵێین بۆئەوەی شتە جوانەکان بکوژین پێویستمان بە چەتر دەبێت.**

**هەر بۆیە چەتر چەندە ترسە لەباران  هێندەش خۆشاردنەوەی کەسێتی کوردیە لەدەلالەتی ژیان و گۆڕینی ژیانە بەمەرگ. بۆیە نەبوونی دووعاشق لەبەر باران..گەورەبوونی غەریزەی مەرگە, کاتێ دوو عاشقمان هەبێت بەدوو چەترەوە ناتوانین بڵێین ئەوان مومارەسەی عەشق دەکەن, چونکە ئەوان زیاتر مومارەسەی هاوڕێیەتی یان جۆرێك لە خوشك و برایەتی دەکەن. بەهەمان شێوە ئەو ژن ومێردەی کەدێنە ناو بازار بۆ پیاسە یان کەلوپەل کڕین و هەریەکەی چەترەکەی خۆی بەدەستەوەیە, لەڕاستیداهەر یەك لەوان دەیەوێ بڵێت ئێمە یەك نین, هەریەکەی شتەکانی خۆمان جیاکردۆتەوە, وەکو جیاکردنەوەی شتەکانمان بەر لەژیانی هاوسەرێتیلەماڵی باوك,(کراسیخوشکەکەم)و(پانتۆڵی براکەم)و(ملوانکەکەی دایکم)و(تەسبیحەکەی باوکم).**

**یا ئەو دوودەستە خوشکەی کە خوێندن و پیاسەو چوون بۆ کافتریاشیان بەیەکەوەیە, ئەو کاتەی لەشەقامدا لە ترسی باران هەریەکەی چەترێکی بەدەستەوەیە و تاکە چەترێکی هاوڕێیەتی ناتوانێ کۆیان بکاتەوە, دەکرێت گومان لە داهاتووی ئەو هاوڕێیەتیە بکەین, کە خیانەتێکی گەورە دەکەوێتە نێوانیانەوە, چونکە چەتر بە هیچ چەشنێك ناکرێت بۆ تاکە کەسێك بێت, تەنیا ئەوانە دەبێ بچنە ژێر چەترێکەوە کەبۆ ئەبەد تەنیان, ترس لەتەنیایشە وادەکات هەموو تەمەنم نەتوانم چەترێك هەڵبگرم, چونکە تەنیایی فێرمان دەکات بیر لەخۆ کوشتن بکەینەوە, منێك کەئامادەم لە هەر بارانێکی ساڵدا بچمە ژێر چەتری کچێك وچش لە تەریقبوونەوەی درۆکانی ژێر چەترەکەی بارانی پار, هەشت ساڵ بەر لەئێستا یەکەمجارم بووبێ تەریقبوونەوە لەقسەی پیاوەخەڵەفاوەکان  چوومە ژێرچەتری کچێك, بەڵام ئەو مانەوەیە چەند چرکەیەکی زیاتر نەدەخایاند, ئەو چەترەکەی دەخستەوە نێوجانتاکەی و دەیووت(با لەبەر باران بڕۆین).**

**ساڵی پاریش چەند ئێوارەیەك چەتری کچێك کۆی کردینەوە, کەدەگەیشتینەوە بەر دەرگای ماڵی ئەوان وبەدوای ئاوڕدانەوەیەك خۆی دەکرد بە حەوشەکەو دەرگاکەی لەسەر خۆی دادەخست, من بێئەوەی هەست بەتوندی بارانەکە بکەم, دوانیگام دەچووە سەر ژمارەی دەرگاکەیان کەنووسرابوو(243/31), ئێستاش بەر لەوەی باران بەتەواوی دەست پێبکات ومن بیر لە هیچ شتێك بکەمەوە, دەڵێم:"منێك کە لە هەر وەرزێك لەژێر چەترێکدابم.. بەر لەوەی ژمارەی مۆبایلەکەت لە کچە خاڵەکەت وەربگرم, ئەو پێی ووتووم لەبەر دەرگاکەتان نووسراوە"ژمارەی گەڕەك:13357, ژمارەی کۆڵان:36992, ژمارەی خانوو:254".**

**بەر لەئابرووچونێکی گەورە من لەنووسینێکدا ناوی خۆت ومۆبایلەکەت ئاشکرا بکەم, تکام وایە ڕێگام بدەی بەم بارانە شوێنێکم لەژێر چەترەکەتدا بۆ بکەیتەوە, ئەگەر نا ناچارم دەکەیت دەست لەو خەیاڵە هەڵگرم و چەترێك بدۆزمەوە ڕەشتر لە قژی تۆ, بەتەنیا لەژێریدا خۆم لە باران بپارێزم و شەویش کە گەڕامەوە ژوورە ساردو تەنیاکەم بیر لە خۆکوشتن بکەمەوە.**